# توركیاو دنیای ڕەشی ڕەگەزپەرستی

## (( ئەگەر ڕەوای ماف و ژیانی مرۆڤەکانی تر ببینی خەڵکیش جوانیت دەبینێ ))



م.حەمید عەزیز

ئەوەی چەقۆی ژەهراوی لەپشتی میللەتی کورد دەداو دووژمنی کوردو بەهیچ شێوەیەکیش دۆستی کورد نی یە و لەڕاستیشدا هیچ جیاوازییان لەگەڵ دەوڵەتی تورکی فاشیستدا نی یە ئەمانەن :

1/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

2/ نەتەوە یەکگرتووەکان ( الامم المتحدة ) .

3/ عێراق .

سنور بەزاندنی تورکیا بۆ کوردستان کارێکی نایاسایی یەو لەپێش هەموو جیهانەوە دەبوایە ئەم سێ لایەنە قسەو بەرگرییان هەبوایە لەسەری بەڵام بەداخەوە . بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر لاوازین و لەوپەڕی لێپرسراوێتیش بین هەمیشە نەمانتوانیوە بڕیار بدەین دەنا لە عێراقێکدا کە ئەمڕۆ خیانەتمان پێدەکات زۆر بەداخەوە سەرەک کۆمارو جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری دەرەوەو هەندێ وەزیری تر هەموو کوردن کەواتە کەی ئێمەی کورد دەتوانین بڕیار بدەین یان ئەو دەسەڵاتانە هەمووی کارتۆنین ..!! . وەڵامەکەی بۆ خۆیان بەجێدەهێڵم بزانین ئەو لێپرسراوو وەزیرانە چۆن چۆنی وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە ؟.

**ئایا تورکیا هیچی دووریوەتەوە لەدەغلی ڕگەزپەرستی ؟.**

توورکیاو ئێمەی کوردو خەڵکیش دڵنییاین کە هیچی نەدووریوەتەوەو هیچیش نادوورێتەوە لە دوواڕۆژداو سوودێکیشی پێ نەگەیشتووە تەنها ڕسوایی و کوشتن و ناشرین و نابووت بوونی نەتەوەی توورک و گلاو بوونی خاک و وێرانبوونی ئابووری نیشتمانی و سەقەت بوونی باری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ڕەووشتی و ( مۆراڵ ) کۆمەڵێ پرنسیپی جوانی مرۆیی تر کەبوونی نی یە لەو وولاتەدا ، لەمانە زیاتر و داخستنی دەرگای لەیەک گەیشتن و گفتوگۆو پێشکەوتن لەمانە و هەندێ کاری قێزەوونی تر هیچیی زیاتری نەچنیووەتەوەو . **( تورکیا وولاتێکی ڕەش و نامرۆیی و ناحاڵی یە لە ژیان و لە ئاستی وەپێشچوونی زانست و کاری ڕامیاری سەردەم زیاتریش ماڵوێران دەبێت هەتا سیستمی گلاوی سەربازی بڕیار بەدەست بێت لەو وولاتەدا )** . مافی هەموو کەمە نەتەوەکانی ئەو وولاتە پێشێل کراوە بەهۆی ڕامیاری چەوتی دەسەلات و پارتەکانەوە بەتایبەت پارتە ئاینی و ئیسلامی یەکانەوە کە زەڕەیەک مرۆڤایەتی و چاکەو پیاوەتییان لەدەست نایە بۆ خەڵکی هەژارو لێقەوماوی ئەو وولاتەو بەتایبەت کورد کەبە هۆی پۆستاڵی عەسکەرتاری یەتی ئەفسەرە فشەڵەکانیانەوە نایانەوێ مافی گەلێک بدەن کە زیاترە لە 23 بیست و سێ ملیۆن مرۆڤ و تەنها لە باکووری کوردستان ئەو ژمارەیە مرۆڤی کورد هەیە بەلام لەجیهاندا دەتووانین بیخەملێنین بە 50 پەنجا ملیۆن مرۆڤی کورد کە خاوەنی هیچ زەوی و نیشتمان و ماف و دەسەڵاتێک نین ، ئەمەش بۆخۆی تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر کوردو مرۆڤایەتی چونکە زۆر لە میللەتانی جیهان هەن کە ژمارەیان لە چەند هەزارێک تێناپەڕێت بەلام دەوڵەت و خاک و ماف و بوون و دەسەلاتیان هەیە .

ئەبێ نەهێنی ئەوە چی بێت ؟. کەئەم وولاتە زل و بێ هونەرەی تورکیا خۆی بائەدا بەسەر میللەتێکی هەژارو بێکەسی وەکو کورددا کە کورد خۆی هیچ پشت و پەنایەکی نی یە تەنها شاخە سەرکەشەکانی کوردستان نەبێت ، ئەبێ ئەو نهێنی یە چی بێت ؟. کە سەدان جارە وولاتی تورکیا میللەتی کورد قەتڵ و عام دەکات و سنوورەکانی نێو دەووڵەتی دەبەزێنێ و مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و کەچی نەتەوە یەکگرتووەکان ( الامم المتحدة ) فزەی لێوە نایەت و بێدەنگە لە ئاست ئەو هەموو پێشێلکارییانەی تورکیا

کەبەرامبەر گەلێکی هەژارو بندەستی خۆی دەیکات . دەبێ ئەم دەسەڵات و هێزە سەربازی یە خوێنرێژەی تورکیا بیر لەوە نەکاتەوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی گفتوگۆو دانیشتن و لەیەک حاڵی بوون و لێک گەیشتنە ؟. دەبێ ئەم وولاتە چ شانازی و ڕۆشنبیری ژیان و ئامۆژگاری یەک بەجێبهێڵێت بۆ نەوەی دوواڕۆژی خۆی ؟. باشە تورکیا بە خەڵک و میللەتی کوردو پارتی کرێکارانی کوردستان ( پ ک ک ) دەڵێت تیرۆریست ..! . ئەی ئەوە نی یە ( پ ک ک ) خۆی داوای ئاگربەست و دانیشتن و گفتوگۆ دەکات ..!! . لەم ساڵانەی دوواییدا چەندین جار ( پ ک ک ) خۆی یەک لایەنە ئاگر بەستی ڕاگەیاندووە ، ئەی باشە تورکیا کە خۆی باوەڕی بە دانووستان و گفتوگۆ نەبێت ئەی بە چ هەقێک بەخەڵکی دەڵێت تیرۆریست ؟. جاکوا تیرۆریست باوەڕی بە گفتوگۆ هەیە ؟. ئەی بۆ بە پارتە ڕامیاری یە ئوستوقراتی و سەرمایەدارو مەزهەبی و ئاینی یەکانی تورکیا ناڵێت تیرۆریست ؟. کەتوورک خۆیان لەهەژارییدا کاری خراپ و بەدڕەووشتی دەکەن .!. هەرکەسێکیش باوەڕی نی یە بەم بەدڕەووشتی یەی خەڵکی تورک کەلەپەنا پارتێکی ئیسلامیدا دەیکەن بەناوی پارتی دادوەری و گەشەپێدانە ( العدالة والتنمية ) دەتوانێت سەردانێکی شاری ئەستەمبوڵ بکات ببینێت چۆن لەسەر جادەکان پەلی پیاو ڕادەکێشن بۆ ڕابواردنی جنسی بەرامبەر بە بڕێک پارە ، کەئەم کارە لەڕاستیدا لەهیچ وولاتێکی سێکۆلارو بێ ئایندا ناکرێ و لەڕاستیشدا لەبەر حورمەتی مرۆڤ و گەورەیی مرۆڤ ئەو کارە قەدەغەیە چونکە ئەوە کاری لەشفرۆشی یەو لە ئەوروپای ڕۆژئاوا کە سەرتۆپکی ئازادی یە قەدەغەیە کەچی لەوولاتێکی وەکو توورکیا کە پارتێکی ئیسلامی لەسەر حوکم و دەسەڵاتدارە قەدەغە نی یە بەڕاستی شەرم و سەیریشە ، لەوەش سەیرتر ئەو بەرەڵاخانەیە وولاتی موسوڵمانانە چونکە ئەستەمبوڵیش لەسەرەوە کەسەیری دەکەی هەمووی مزگەوت و منارەیە بەڵام لەخوارەوەو لەڕاستیدا دنیایەکی ترە . باتوورکیا بچێت باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خەڵکەکەی خۆی چاک بکات نەک هەموو ڕۆژێک بەبیانووی ( پ ک ک ) ەوە هێرش بکاتە سەر میللەتی کوردو قەتڵ و عامی بکات . لەڕاستیدا توورکیا و پارتە ئیسلامی یە سەقەت و ئەفسەرە دۆڕاوەکانی خۆی تیرۆریستن نەک میللەتێک کە هیچ مافێکی نی یەو خەبات دەکات لەپێناوی ئەوەی کەوەکو مرۆڤێکی ئاسایی ژیانی هەبێت .

کورد ئەڵێ : ( ئەگەر بەرز بفڕیت نزم ئەنیشیتەوە ) پەندێکی جوانە لەسەرکەوتن و تەنگانە یان ژێرکەوتن هەر یەک چەشن بیت باشە . لەسەرکەوتنا لووت بەرزیی ناشرینت دەکات و لەژێر کەوتنا یان لەتەنگانەدا لووت شۆڕی یان ماستاوکردن ترسنۆکی یەو بەهەمان شێووە نابووت و ناشرین دەبی . کەواتە مرۆڤ لەهەموو کاتەکاندا باسروشتی بێت ، چونکە ئەو گۆڕانە جۆراو جۆرانە پەیوەندی بەباری ڕۆشنبیری و دەروونی یەوە هەیە ئەم نموونەیەم لەسەر تورکیا هێنایەوە چونکە هەمیشە لافی سەرکەوتن و لەخۆبایی بوونی پێوە دیارە لەهەمان کاتیشدا تەپیوترین ئابووری هەیەو ڕسوواترین وولاتە . ( لووت بەرزی و لەخۆبایی بوونت زەرەرمەندی کردی بابیزانیت ئەی توورکیا تۆ بەو هەموو هێزەوە دۆڕاوویت چونکە تۆ هەق نیت و داگیرکەریت جاران ( پ ک ک ) ە تۆزێک بوو ئەمڕۆ کورد هەمووی ( پ ک ک ) ە یە ) .

مرۆڤی ڕەگەزپەرست خۆی خۆی دەخوات و لە نرخی خۆی کەم دەکات لەبەرچاوی جیهان و مرۆڤەکانی تری دنیا . لەڕاستیدا ئەگەر بەووردی و تێگەیشتنەوە ئێمە بڕوانینە خۆمان ئادەمیزاد هەموو براو کەسی یەکە چونکە هەموو لەڕەگەزی مرۆڤین و کەس جیاواز نی یە تەنها بەهەست و هزری جوان نەبێت هیچ جیاوازییەکیش لەنێوان نەتەوەکان و ئاینەکان و ڕەنگی پێست و .. هتد نی یە .... !! . هەموو کەسێک و دەووڵەتێک گوێ دەگرێ و وەردەگرێ تەنها توورکیا نەبێت .!. بۆیە چارەنووسی توورکیاو پارتە بەناو موسوڵمانەکەی ( دادوەری و گەشەپێدان ) هەر دۆڕاندن و شەرمەزاری و ڕسوایی یە . سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ ئەو میللەتەیە کە ژیرو خاوەن تاقی کردنەوەیە و مێژوویەکی جوان بۆ نەوەی داهاتووی خۆی بەجێبهێڵێت .

گۆشەگیرترین وولات کەهیچی لە تاڵیبان و بەلوج و بەربەرو قاعیدەو گرووپە ئاینی یە توندڕەوو تیرۆریستی یەکانی دنیای دوواکەوتوو کەمتر نی یە بەدڵنیای یەوە وولاتی تورکیایەو پارتە ڕەگەزپەرستە ئیسلامی یەکەی ئاردۆغان و عەبدوڵا گۆلە کە پارتێکی هەتا بڵێی دوواکەتووەو بەو هۆش و بیرە تەسکەوە دەیانەوێت ببنە ئەندامی وولاتانی ئەوروپا کە پارتەکەیان ناوی دادوەری و گەشەپێدانە ( العدالة والتنمية ) بەڕاستیش نە دادپەروەرن و نە گەشەکردووشن بۆ کۆمەڵگای توورکان . سەدام و هیتلەرو مۆسۆلۆنی و شاوشیسکۆو کاسترۆو مارکۆزی و .. هتد ئەمانە کەبە گەورەترین دیکتاتۆرو فاشیست و خوێنرێژ ناویان هەیە لەمێژووی نەهامەتی و جەنگ و کاولکاری دژ بەمرۆڤایەتی هێشتا لەهەندێ بارو هۆش (فکر) ەوە وەک : ڕامیاری ، ئابووری ، ڕەگەزپەرستی ، کۆمەڵایەتی و مرۆیی یەوە ئەم دیکتاتۆرانە لەتورکیا باشترن . تورکیا وەک دەسەڵات فاشیترین و خراپترین دەسەڵاتە لە جیهاندا نەک تەنها بەرامبەر کەمە نەتەوەو کوردو نەتەوەکانی تری خۆی بەڵکو بەرامبەر توورک و وولاتانی

دراوسێ و عێراق و قوبرس و بولغارستان بەهەمان شێوەیە . لەبەرئەوەی کەلەمێژە توورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی وولاتانی ئەوروپا لەگەڵ ئەوروپاشدا بەینی تاڵەو بەکورتی پەیوەندی وولاتی تورکیا لەگەڵ هەموو دنیادا خراپەو لەگەڵ ئەرمەنەکاندا کەلەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا جەنگی لەتەکدا کردن نزیکەی یەک ملیۆن ئەرمەنی کووشت و بەڵگەی تەواوی ئەم کارەساتەش کتێب و ڕۆمانەکەی ئۆرهان پامۆکە کە کەڵە نووسەرێکی گەورەی تورکە . بۆ نمونە ئۆرهان پاموک گەورە نووسەری تورک کەخاوەنی زیاتر لەحەوت ڕۆمانەو بۆتە خەم هەڵگری تورکان و هەموو هەوڵێکی بۆ بە سێکۆلار و مەدەنی کردنی عەقڵی یەتی کۆمەڵگای توورکە و چەند ساڵێکە لەو بووارەدا کاردەکات و لەتەمەنی سی ساڵیدا یەکەم ڕۆمانی دەرکردووە بۆ گەلەکەی و نووسراوەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی و .. هتد . ئەم نوسەرە هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و چەوەساوە شانازی پێوەدەکات لەگەڵ ئەوەشدا کوڕی خێزانێکی دەووڵەمەندیشە بەڵام ڕۆشنبیری یەکەی وای لێکردووە کە بەرگری لە مافی هەژاران بکات و خۆشی بووێن ، کەچی کەلەکاتی وەرگرتنی ئۆرهان بۆ خەڵاتی نۆبڵ لە وێژە ( الادب) تورکەکان پیرۆزبایییان لێ نەکرد و نارەحەتیش بوون بەو خەڵات کردنە . ئەبووایە ئەحمەد سیزەر کە سەرۆکی کۆماری تورکیای ئەو کات بوو یان ئاردۆغان کە سەرەک وەزیرانی تورکیا بوو وەهەروەها ئێستاش سەرەک وەزیرانە یەکەم کەسایەتی بوونایە کە پیرۆزبایییان لێ بکردایە بەڵام بەداخەوە نەیانکردو هۆکەیشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو نوسینەی کە پاموک ئاماژەی پێداوە لەکتێبەکەیدا ووتویەتی : لەدووای جەنگی جیهانی یەکەم لەبەرواری 1915 دەسەڵاتی ئەوکاتەی تورک کەبەناوی عوسمانلییەکانەوە بەدەسەڵات بوون و زۆر ناوچەو وولات و شوێنیان خاپوور کردووەو داگیرکردووە لەو سەردەمەدا ، بێجگە لەوەش ئاماژەی بەو ڕاستی یە کردووە کە ئەڵێ : عوسمانلی یەکان لەو سەردەمەدا ملیۆن و نیوێک ئەرمەن و چەند هەزار کوردیان کووشتووەو ماڵ و حاڵیشیان بەتاڵان بردوون ئەوە مێژوویەکی ڕاست و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە توورک یان عوسمانلییەکانی ئەوکاتە کەلە تورکە فاشیستەکان بوون دووژمنی نەتەوەکانی تریش بوون لەناوچەکە . ئەم نووسینە ڕاستییەکە ئۆرهان بامۆکی نووسەر بەبەڵگەوە هێناوێتی یەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتەوەکەی بەهەڵەدا نەڕووات و بیری ڕەگەزپەرەستی لەناویاندا لاببات و شۆڤێنی یەت و دوواکەوتوویی و دڵ ڕەشی تورک بسڕێتەوە لەناخیاندا کەچی نەتەوەی تورک و بەتایبەت ئەحمەد سیزەرو ئەردۆغان زۆر لێی پەست بوون و پیرۆزبایشیان لێنەکرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵەکەی . لەم ڕۆژانەشدا پەرلەمانی فەرەنسیش ئەو ڕاستی یەی کەتەڵخ کرابوو لەبارەی کووشتنی ئەرمەنەکان و کوردەکان لەبەرچاوی خەڵکی بەڕوونی هێنایەوە سەر گۆڕەپان و ناوی تورک و دەسەڵاتی تورکیای تاوانبار کردوو وەک و کارێکی مرۆیی هەق و ڕاستی ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەرمەنەکان لەوانەیە سزایەکی گەورەی پارە لێسەندن لەگەڵ تورکیادا بکرێت . تورکییایەک کە خۆی ئابووری نزمە و خەڵکەکەی نزمترین ژیان و باری کۆمەڵایەتی خراپ بەڕێووە دەبەن هەتا ئێستاش کە سەدوپەنجا ملیار دۆلاری ئەمەریکا قەرزدارە بێجگە لەیارمەتی یەکانی ئیسرائیل و چەند ساڵێشە لەبەروبوومی نەوتی عێراق دەخوات و خاڵی سنووری برایم خەلیل شایەت حاڵی هەژاری و کەم دەرامەتی تورکیایە کەچی ئۆردۆغان بەم حاڵە جوانەوە هەڕەشە لەفەرەنسا دەکات و دەڵێ : ئەگەر پەرلەمانی فەرەنسی بڕیاری تاوانبارکردنمان بدات لەبەر ئەرمەنەکان ئەوە خۆی زەرەر دەکات .. ! . منداڵیش پێکەنینی دێ بەم هەڕەشەیە . وەزیری دەرەوەی عێراقم بیردەخاتەوە ( ناجی سەبری ) کە لەکاتی پڕۆسەی ڕزگارکردنی عێراقدا ساڵی 2003 کە لەشکری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر عێراق دەیووت : ئێمە حەوت ملیۆن چەکدارمان هەیە و ئەمەریکا هەڵدەفڕێنین بۆ ئەودیوو سنور .. ! . کەچی خۆی لەپێش هەموو کەسێکەوە هەڵفڕی و لە وولاتی نەمسا گیرسایەوە . ئەوەی لەم بەزم و ڕەزمەی هێرشی دەسەڵاتی تورکیا بێ شەرم و بێ ڕاوەستان بوو لەگەڵ گەلی کورد وولاتی زەبەلاحی ئەمریکاو عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان و وولاتانی ئیسلامی عەرەبی یە .

Hamid773@hotmail.com
Hamid774@yahoo.com